# لەجیاتی دەستی لەیلا دەبێت دەستی شەریعەت و ئیسلام
# لەسەر ژیان و چارەنووسی کۆمەڵگا ببڕێتەوە

لە ژمارە 91 ی هەفتەنامەی باسەڕە کە ڕۆژی چوار شەمە 23 ی شوباتی ساڵی 2005 دەرچووە هەواڵێك یان باشتر وایە بڵێین ڕووداوێك بڵاو کراوەتەوە کە ئەگەر هەر کەس بیخوێنێتەوە سەرتاپای گیانی و وویژدانی ئینسانی دێتە لەرزین و هەژان . من لێرەدا ناچمە سەر ناوەڕۆك و گێڕانەوەی جارێکی تری ڕووداوەکە چونکە ئەو ڕووداوە لەسەر بەشێکی زۆر لە سایتەکان و لە خودی باسەڕەدا هەیە و هەرکەس دەتوانێت بیخوێنێتەوە. ئەمجارەش وەك هەموو جارەکانی تر ئەم ڕووداوە یەخەی ژنانی گرتەوەو جارێکی تر وەك هەموو جارەکانی تر بوونەوە بە سووتەمەنی کۆنەپەرستی و دواکەووتوی و دەستی شەریعەت و خورافەی ئیسلامی لەسەر ژیان و گوزەرانیان . "لەیلا ئیبراهیم ئیقبال" ئەو ژنە تەمەن 30 ساڵەیە کە ئەم جارە بەر هێرش و لافاوی خورافە و ئینسان کوژی بۆتەوە لە شاری "خانەقین " هەر هەمان ئەو ڕووداوەی هەر دوو دەستی "لەیلای" بە بڕینەوەدا بوویە سەرچاوەی تێکچونی ژیانی خێزانێك و گیان لە دەست دانی دوو کچی تر . ئەمە یەکەم جار نیە ژیانی ژنان بە شێوەیەکی تەواو نائینسانی بەرخوردیان پیێ بکرێت .ژنان هەمیشە لە ڕوانگەی شەریعەت و جەهالەتە وە ئەو نێچیرە بوون کە هەرگیز لە ڕاوکردن و ئیهانەو سوکایەتی پێکردنیان کەم تەرخەمی نەکردووە و دەستی بە خوێن و ژیانی هەزارانیان سوور بووە . کۆمەڵگای عێراق و کوردوستان ئەو کۆمەڵگایەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی قەومی و ئاودراو بە شەریعەت و ئیسلام مێژوویەکی دژی ئینسانی و دژی ژنی هەیە چ بەیاسا چ بە کوشتنیان و هەڵواسینیان بە عەموود و دیوارەکانی بازاڕدا لە ژێر ناوی حەملەی ئیمانیدا .ژنان ڕۆژانە لە ژێر بڕووبیانوی تەواو کۆنەپەرستانەو دواکەوتوانەدا کۆکوژی دەکرێن و بەشێك لە ئەندامەکانی لەشیان بۆ بە عیبرەت کردنیان لێدەکرێتەوە . "کەژاڵ خدر و کەژاڵ جەمال" لووتیان بڕاو لووتیان لێکرایەوە ."ناهید ڕۆستەم" 8 ساڵ لە حەمامەکەی خۆیان زیندانی کرا . لە شەو ڕۆژێکدا لە شارۆچکەی "سیروان" 8 ژن تیرۆر کران . ڕۆژانە لە "مووسڵ" لاشەی چەندین ژن بەبێ سەر دەدۆزرێتەوە و لە" سلێمانی "

بۆ مەسەلەی بازرگانی ژن دەفڕێنن و داوای پارە دەکەن بۆ ئازاد کردنیان لە "نەجەف و کەربەلا " ژیان بۆ ژنان بۆتە دۆزەخ و هەمیشە شمشێری ژەنگاوی مەرجەعیەت و زەواجی موتعەیان بەسەر سەرەوە ڕاگرتوون .ئەم کارەسات و ڕۆژ ڕەشیەی ڕۆژانە ڕووبەڕوی ژنان دەبێتەوە و فتوادەرانی کوشتن و تێزاب پیاکردن و دەرهێنانی جنیەکانیان مەلا "بەشیر و یوسف و سیستانیەکە " لەسەر دەستی ئەمانەو لە ژێر باڵی دەسەڵاتی بەعس و ئەحزابی قەومی کوردو دەسەڵاتە کارتۆنیەکەی ئێستای عێراق هەزاران ژن بوونە قوربانی و لە حوجرەو مزگەوتەکاندا تووشی دەیان نەخۆشی دەروونی و تێك چوونی باری ئاسای ژیانی خۆیان بوونەتەوە . ترساندنی بە ئاگرو دۆزەخ ترساندن بە شیشی سوورەوەکراو پردی سیرات سەرچاوەی سەدان کێشەو تێکچونی باری دەروونی سەدان خێزانی وەك خێزانەکەی "لەیلاو نەشمییە و ئەحلامە"ئەمانەگوزەرێکی خێران بەناو ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ژنان کراون . لە گەڵ بەردەوام بوونی ئەم دۆزەخە خوێناویەی بۆ ژنان ئامادەکراوە کۆمەڵگای عێراق و کوردوستان لە دوای زیاتر لە2 ساڵ لە ڕووخانی دەسەڵاتی دژە ئینسانی و دژە ژنی بەعس لەسەر دوو جۆر ڕێگا چارەو دوو جۆر ئاستانەدا ڕاوەستاوە . ئەحزابی قەومی کوردو عەرەب لەگەڵ دەستەوتاقمی ئیسلامی و عەشیرەتی لە دوای گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن خەریکی دامەزراندنەوەی یاسا و دەستوورو حکوومەتن لەسەر بناغەی ئیسلام و قەوم و عەشرەت و بە پەنای ئەم ڕێگا چارە کۆنەپەرس تانەوە هەڕەشەی "سیستانی " بۆ سەپاندنی ئیسلام وەك سەرچاوەی دەستوور و یاسا ئەو هەڕەشەیەیە بۆ ژنان کە بە مانای بڕینەوەی دەستی هەموویانە وەك دەستی "لەیلا " ڕێگا چارەی دووەم ڕێگا چارەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ڕێکخراوی ئازادی ژنە کە ئامانجی گێڕانە وەی حورمەت وکەرامەتی ئینسانیە بۆ سەرجەم کۆمەڵگاو ژنان بە تایبە تی .وەستانەوە بەرانبەر ئیهانەوە سوکایەتی بەژنان کۆتای هێنان بەلووت و گوێ و دەست بڕینەوەی ژنان بە ناو هێنان و تەنهادەستگیرکردنی مەلا بەشیر و مەلا یوسف و سیستانیەکان کۆتای نایەت . دەبێت بەیەکجاری دەستی شەریعەت و ئیسلام دەستی دەسەڵاتی قەومی و عەشیرەتی لە سەر چارەنووسی کۆمەڵگاو ژنان ببڕێتەوە . 8

مارسی ئەم ساڵ ئەو ڕۆژە یە کە ژنان دەتوانن بیکەنە ڕۆژی بە گژاچوونەوەی کۆنەپەرستی و دەخالە تی دین لە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکدا . با لە 8ی مارسی ئەم ساڵدا کە ڕۆژێکی چارەنووس ساز و 8ی مارسێکی تایبەتە لە ژیان و خەباتی هەق خواز و یەکسانیخوازانەی ژنانی عێراق و کوردوستاندا لە دەوری شیعاری نا بۆ داگیرکاری نابۆ حکومەتی قەومی دینی بەڵێ بۆ دەستورێکی عەلمانی و یەکسانیخواز بەڵێ بۆ یەکسانی ژن و پیاو کۆببینەوە .

پیرۆزبێت 8ی مارس

بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو


هیدایەت مەلا عەلی

Hidayat_malaali@yahoo.com


27.2.2005